# به ناوی کوردستانی گه‌وره .

**ح. س. سۆران**
soransa@hotmail.com

تاران - 2708/4/26

سوپاس و پێزانین سه‌باره‌ت به کاندیداتۆری خه‌ڵاتی نۆبێل ،

ره‌نگه له‌رێگه‌ی هه‌واڵه‌کانه‌وه ئاگادار بووبن که ماوه‌یه‌ک له‌مه‌و پێش ، به هه‌وڵ و تێ کۆشانی بێوچانی هێندێک له سه‌روه‌رانی دڵسۆز و به‌رێز ، **به چه‌شنی تاکه که‌سی** ، وه‌ک کاندیداتۆری خه‌ڵاتی ئاشتی نۆبێل ( له سه‌ر بناغه‌ی نووسین ) بۆ ساڵی 2008 ناونووس کرام ، که به پێویست و به ئه‌رکی سه‌رشانی خۆمی ده‌زانم ، سوپاسی هه‌مو ئه‌و رێزدارانه بکه‌م ، که له‌م رێبازه دا ، تێ کۆشاون و خۆیان ماندو کردوه .

سوپاسیش ده‌که‌م له ته‌واوی رادیۆ ؛ تی ،ڤی ؛ هه‌واڵنێری ، گۆڤار ، رۆژنامه ، ماڵپه‌ڕ ، که‌سایه‌تی و دڵسۆزانی رێبازی مرۆڤایه‌تی و کوردایه‌تی، له گشت کوردستانی گه‌وره و ده‌ره‌وه‌ی وڵات ، که ئه‌و هه‌واڵه‌یان به شێلگیری بڵاو کردوه‌ته‌وه و لایه‌نگریان له‌م دۆزه کردوه. پشتیوانی مامۆستایانی زانستگه ، هونه‌روه‌ران ، رووناکبیران و نوێنه‌رانی پێشوی پاڕلمانیش جێی پێزانینه . لایه‌نگری به دڵوگیانی هێندێک له کۆڕه وێژه‌ییه‌کان ، خوێندکارانی کوردی زانستگه کانی ئێران له کۆبوونه‌وه‌ی به‌رفراوانی زانستگه‌ی ئه‌میر که‌بیر و خوێندکارانی کورد و ناکوردی زانستگه‌ی ئیسفه‌هانیش له کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌و زانستگه‌یه ، جێی رێز و پێزانینه ، به تایبه‌ت خه‌ڵاتی تایبه‌تی کۆڕی خوێندکارانی کوردی زانستگه‌ی ئیسفه‌هان ( که خۆم به‌خه‌ڵاتی نوبێلی کوردی داده‌نێم) و به به‌رپرسایه‌تی کاک جه‌لال حاجی زاده ، خوێندکاری پلله‌ی ماستێر پێک هاتبو ، به من درا .

سوپاسیش ده‌که‌م له ته‌واوی ئه‌و خۆشه‌ویستانه‌ی ، که به ئیمه‌یل ، تێلێفۆن ، په‌یامۆک ، فاکس ، نامه و... ، په‌یامی لایه‌نگریان ناردوه . به کورتی کڕنۆش ده‌به‌م بۆ گشت خۆشه‌ویستانێک ، که به **هه‌ر له‌ون** سر ورای خۆیان ده‌بریوه و ئاوریان داوه‌ته‌وه سه‌ر ئه‌م مه‌به‌سته .

بێ وته‌ی کلیشه‌یی داب و نه‌ریتی ( مه‌ڕسووم) ، دڵنیام له نێو گه‌لی مه‌زنی کورد دا ، له گه‌لێک سۆرغه‌وه ، ئافره‌تان و پیاوانی زۆر زۆر شیاوتر و لێهاتوتر له من بۆ ئه‌م کاندیداتۆریه بوون و هه‌ن ، به‌ڵام هه‌ر چۆن بێ - ره‌نگه هه‌ر ئه‌وه‌نده که خزمه‌تگوزارێکی هه‌ره چکۆله‌ی ئێوه ، ناوی له‌و ریز(لیست)ه جیهانیه دا نووسراوه ، به شتێکی ئه‌رێی ( موسبه‌ت) دادبنرێ . به تایبه‌ت له رێبازی ئاشتی خوازی و دژه تێرۆریستی گه‌لی کورد دا .

له‌و کێ به‌رکێ قووڵ و به‌رینه دا ، که به پێی هه‌واڵه کان به سه‌ریه‌که‌وه 197 که‌س له لایه‌ن گه‌لانی دیکه‌وه ناونووس کراون ، بۆ کوردێکی ئاسایی ، یه‌ک لاقه‌با و بێ ده‌سته

ڵاتی رامیاری و بێ هیچ پشتیوان و کاڕتێلێکی ئـابووری وەک مـن ، دۆرانـدنی ئـەو کـێ بەرکێ مەزنە ، زۆر رووداوێکی چاوەڕوان کراو و سروشـتیە ، لە لایـەکـی دیکـەوە ، رەنگـە هەر ئەگەری ئەو دۆراندنەش بۆخۆی بە چەشنێک بردنەوە لەقەڵەم بـدرێ و زات شـکێن و رێ خۆشکەرێک بێ بۆ کوردگەلی شیاوتر لە داهـاتودا . هـەر جـۆن بـێ، ئـەگـەر یـەک لـە هەزاریش ببرێتەوە ، گەلی کـورد بردویـەتیـەوە و ئـەگـەر دابنـرێ مـن خـۆم دامنـاوە . بـە پێـی هەواڵەکان ، لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ دا، ئاکامی هەڵبژاردنەکە رادەگەیێنرێ .

بە هیوام هەر کەس ئەو ناسـناو و پلـلـەیـەی پـێ بـدرێ ، بتـوانێ پتـر لـە خـاتوونی رێـزدار شیرین خـانمی عیبـادی خوشـەویسـت و سـەروەر ئوڕهـان پـامووک بـەی (بـەگ)، لـە سـەر ئاشتی و ماقی مرۆڤ داکۆکی رژد بکا ، بە تایبـەت مـافی گـەلانـی بـن دەسـتی وەک کـورد ، کەشمیر ، باسک ، تێبێت و ئەوانی دی .

دیسان بە پێویسـتی دەزانـم سـوپاسـتان بکـەم ، دەسـت تـان مـاچ دەکـەم و نووسـینی ئـەم سوپاسنامەیەم بە ئەرکی ئەمەکناسـی کوردانەی سـەر شانی خۆم زانی .